**وەزارەتی دارایی و ئابووری**

**ژمارە : ٢٠٧/٤/٩ لە ٢٠١٧/١/١٦**

## ڕینمایی دارایی ژمارە ( ٧ )ی ساڵی ٢٠١٧

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە و ئاماژە بە نووسراوی وەزارەتی دارایی و ئابووری ژمارە(٥٤١٣) لە ٢٠١٦/٦/٥ و نووسراوی بەڕێوەبەرایەتی گشتی بانکە بازرگانیەکان ژمارە(٣٦٣) لە ٢٠١٦/٦/٢ بریارماندا بەخەرج کردنی ئەم بڕە پارانەی خوارەوە بۆ ئەو فەرمانبەرانەی کە لە دوای دەوامی فەرمی و رۆژە پشووەکان دەمێنینەوە یان بە کاری گواستنەوەی سیوولەی نەختینەیی لە نێوان بانکەکانی بەڕێوەبەرایەتی گشتیتان هەڵدەستن :-

**یەکەم:** مانەوە لە دوای دەوامی فەرمی و رۆژە پشووەکان .

بۆ ئەو فەرمانبەرانەی کە لە دوای دەوامی فەرمی یان رۆژە پشووەکان هەڵدەستن بە خەرج کردنی مووچەی چین و توێژەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە مەرجێك فەرمانی کارگێری مانەوە یان خەرج کردنی گوژمەکان دەرچێت لە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی بانکە بازرگانیەکان یان بانکی ناوەندی لە حاڵەتی هەبوونی .

| روونکردنەوە | فەرمانبەر/ رۆژانە | ب.بانك/رۆژانە |
|---|---|---|
| أ.کار کردن لە دوای دەوامی فەرمی | ١٢٠٠٠دینار | ٢٠٠٠٠دینار |
| ب.کارکردن لە رۆژانی پشوو | ٢٠٠٠٠دینار | ٣٥٠٠٠دینار |

**دووەم:** لە کاتی گواستنەوەی پارە لە نێوان بانکەکان (رۆژانە و لەکاتی دەوامی فەرمی + رۆژانە و دوای دەوامی فەرمی + رۆژانی پشوو )

١- بۆ ئەو فەرمانبەرانەی کە هەڵدەستن بە گواستنەوەی پارە لە نێوان بانکەکان و ئەم خەرجییانە لەلایەن ئەو بانکەوە خەرج دەکرێت کە سیوولەی نەختینەیی بۆ ڕەوانە دەکرێت بەم بڕانەی خوارەوە واتە( بۆ فەرمانبەری ئەو بانکانەی کە سیوولەی نەختینەیی ) بۆ دەچێت .

| روونکردنەوە | بڕی پارە |
|---|---|
| أ- بەڕێوەبەری بانك | ٢٥٠٠٠دینار |
| ب- هەڵگری کلیل | ٢٠٠٠٠دینار |
| ج- ژمێریار | ١٥٠٠٠ دینار |
| د- خەزنەدار | ٢٠٠٠٠ دینار |

هـ- شوفێر ١٠٠٠٠ دینار

و- پۆلیس ١٠٠٠٠دینار

ز- کرێکار ١٠٠٠٠دینار

٢- فەرمانبەری تایبەتمەندی ئەو بانکانەی کە سیولەی نەختینەیی ڕەوانە دەکات ئەم بڕانەی خوارەوەی بۆ خەرج دەکرێت واتە ( بۆ فەرمانبەرانی ئەو بانکەی کە سیوولەی نەختینەیی ) ڕەوانە دەکات .

| ڕوونکردنەوە | بڕی پارە / دینار |
|---|---|
| أ- بەڕێوەبەری بانك | ١٢٥٠٠ |
| ب- هەڵگری کلیل | ١٠٠٠٠ |
| ج- ژمێریاری | ٧٥٠٠ |

**سێیەم:** لە کاتی گواستنەوەی سیوولەی نەختینەیی لە ناو سەنتەری پارێزگاکان ڕێژەی (٥٠٪) ی بڕەکانی بڕگەی(١و٢)خالی دووەمی سەرەوە خەرج دەکرێت .

**چوارەم:** لە حاڵەتی گواستنەوەی پارەی نەختینە لە پارێزگاکان بۆ قەزا و ناحیەکان و بەپێچەوانەوە :-

| ڕوونکردنەوە | بڕی پارە |
|---|---|
| أ- سەرپەرشتیاری پرۆسەکە | ٢٥٠٠٠دینار |
| ب- خەزنەدار | ٢٠٠٠٠دینار |
| ج- شوفێر | ١٥٠٠٠دینار |
| د- پۆلیس | ١٥٠٠٠دینار |

**پێنجەم:** بەرزترین ڕادەی خەرج کردنی بڕەکانی ئاماژە پێکراوی سەرەوە مانگانە نابێت زیاتر بێت بۆ :-

| ناونیشان | بڕی پارە |
|---|---|
| أ- بەڕێوەبەر | ٣٥٠٠٠٠دینار |
| ب- هەڵگری کلیل و ژمێریار وخەزنەدار وئەفسەری هێزی ئامادە | ٢٥٠٠٠٠ دینار |
| ج- شوفێر و پۆلیس و کرێکار | ١٧٥٠٠٠دینار |

**شەشەم:** هەرکاتێك دوو ناونیشان لە یەك فەرمانبەردا کۆبوویەوە یەکێك لە بڕەکانی سەرەوەیان بۆ خەرج دەکرێت .

**حەفتەم:** لە حاڵەتێکدا بەپێی پێویست ئەگەر پۆلینەکانی سەرەوە لە یەك کەس زیاتر بێت بۆ هەر یەکێکیان بەجیا بڕی پارەکانی سەرەوە خەرج دەکرێت .

**هەشتەم:** بۆ ئەو رۆژانەی کە بەڕێوەبەری بانك ئامادە نیە ئەم بڕە پارانەی سەرەوە بۆ ئەو فەرمانبەرە خەرج دەکرێت کە ئەم کارە ئەنجام دەدات بە مەرجێك فەرمانی هەبێت بە هەڵسانی بەم کارە .

**نۆیەم:** جگە لەم بڕانەی سەرەوە هیچ بڕە پارەیەکی تر بە ناوی (شاند و سەفەر – هاوکاری – پاداشت و ... هتد) بۆ ئەم فەرمانبەرانە خەرج ناکرێت لە بڕی هەڵسانیان بەم کارە .

**دەیەم:** کار بە هیچ رێنمایی و نووسراوێکی تر ناکرێت .

**یانزەهەم:** ئەم رێنماییە لە بەرواری دەرچوونیەوە جێبەجێ دەکرێت و لە رۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە .

**ڕابەر صديق محمد**
**بریکاری وەزارەت بەوەکالەت**